سەنتەری ڕۆشنبیریی وهونەریی قەرەچووغ 2

# تـــەقیـــنـــەوە

## هەنسکێك بۆ مەخموور

بەبۆنەی چلەی ماتەمینی شەهیدانی کردەوە تیرۆریستییەکەی شاری مەخموور

13/5/2007

ئامادەکردنی

موحسین شوانی

مەخموور

2007

www.pertwk.com

## پێناسی کتێب

نـــاوی کتێب : تەڤینەوە ( هەنسکێك بۆ مەخموور)
ئامـــادەکردنی : موحسین شوانی
دیزاین و بەرگ : نورالدین عبدالله (گوڵ)
تـــــــــیراژ : 1000 دانە
چـــــــاپ : چاپخانەی گوڵ

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (624)ساڵی (2007) دراوەتێ

لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیریی و هونەریی قەرەچووغ 2

# بـــەرايـــى

لەچلەی ماتەمینی کردەوە تیرۆریستییەکەی شـاری مـەخموور کـە رۆژی 13/5/ 2007تیرۆریسـتان ئۆتـۆمبێلێکی بـارهـەڵگریـان لەبــەردەم بارەگــاری لقــی23ی پــارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و قائمقامیەتی قەزای مەخموور تەقاندەوەن کەبووە هـۆی شـەهید و بریـنـداربوونی دەیـــان کــەس لە پێشــمەرگەو پــۆلیس وکرێکــار وخەڵکی سفیلْ ,لەم یادەدا ئێمە لە( سەنتەری ڕۆشنبیریی وهونەریی قەرەچـــووغ ) خوازیـــاربووین وەك وەفادارییـــەك بۆشـــەهیدانی دەڤەرەکەمان کۆڕێکی شیعری بەرێوەببەین ،بەڵام لەبـەربارودۆخی ئەمنی نەتوانرا چلەکە لەکاتی خۆیدا بکرێت،بۆیە بەباشمان زانی شیعرەکان لەنامیلکەیەکدا کۆبکەینەوە بەئومێدی ئەوەی کەبەشێك لەوئەرکەی کەلەسەر شانمانە وەك رۆشنبیرانی مەخموور بەرامبـەر بــەقوربانیانی ئــەوکردەوە نەگریســە بــەجیْ بگەیــەنین ،ئەمــەش ببێتەهانـدەرێك بۆئـەوەیئاوڕێك لـەم شـارە بـیْ نـازە بدرێتـەوە و بەشـێك لەخــەونی شــەهیدەکان بێتــە دی وگیانیـــان ئاســوودە بێت، پـەیامی ئاوەدانکردنـەوەش بێـت بـۆ ئـەو دەستەڕەشـانەی کـە حەز بەگەشەپێدانی شارستانی ناکەن .

دەستەی کارگێڕی سەنتەری رۆشنبیری وهونەری قەرەچووغ

مەخموور2007/7/1

# لە چلەی شەهیدانی تەقینەوە تیرۆرستییەکەی مەخموور



سالار سیامەند

(5/13)

**1**

**(مەخموور)**

**ئەمڕۆ مەخموور**

**لە ناو تەمی شیوەنێکا**

**دەزوو دەزوو ئەبێتەوەو**

**پەڵە هەورێکی چڵکنی بیابانی**

**بەسەرسەریەوە هاوار ئەکاو**

**ئەگرمێنێ**

**ئەمرۆ مەخموور**

**درەختێکی**

**زەردهەڵگەڕاوی پایزەو**

**رەشەبایێ**

**بە هەناسەی تەنگ و سواری**

**سەدە مردووەکانی نێو تابوت**

**گەڵا گەڵای ئەوەرێنێ**

ئەمڕۆ مەخموور
گڕی گرتووەو
وەکو تەنوور
وەکو ناخی
دایکی شەهیدی بێ لاشەو
بێ جل وبەرگ و ناسنامە
گڵپە ئەکاو
ئەیسوتێنێ
ئەمڕۆ مەخموور
لە بێنازی
لەوپەڕ سنووری کوردستان
تێر تێر چاوی
ئەبڕێتە بالآی نیشتمان
سەر بە باسکی مێژوو ئەکاو
سەرخەوێکی تیا ئەشکێنێ
ئەمڕۆ مەخموور
تورەگەیەکی تۆزاوی
پڕ لە هەنسك و حەسرەتەو
لە سەر زەمینی غوربەتا راکشاوەو
هێدی هێدی
چاوی کزی کزتر ئەبێ و

ئەینوقێنێ

ئەمرۆ مەخموور

پیرەژنێکی کەنفتی

لات و شڕەو

هەر ئەوەندەی نووسکەیەکی تیادا ماوە

بە دیار لاشەی

کوڕە تاقانەی شەهیدی

هۆن هۆن

فرمێسکی ئاڵتوونی

ئەبارێنێ

ئەمرۆ مەخموور

ئەسپێکی زامدارو یاخی

دوای ئەنفالەو

ئەوەندەی تینی تیا ماوە

مل بائەداو

قاچ ئەکوتێ و

ئەحیلێنێ

ئەمرۆ مەخموور

مەخموورەکەی جاران نی یەو

خۆڵ و خاشاک و

درەخت و

شۆستەو شەقامی سوتاوەو

ئاسمانیشی لێ تەنراوە....

## 2

## (فەرەیدون و هەژار)

ئەمڕۆ فەرەیدون و هەژار

بزەیەکیان بۆ کردین و

پێیان وتین

گیانی ئێمە

بەردەبازی

دەستکەوتەکانی ئێوەیە

ئێمە دەڕۆین

ڕۆحمان پەپولەیەکی ڕەنگینەو

بەرەو باخی پڕ لە گوڵ و

چوار دەوری گلۆپی ناومالتان بەڕێوەیە

پێیان وتین

ئێمە دەڕۆین

ئیتر لە ئەستۆی ئێوەیە

ئارامی شار

ئایندەی شەقام و بازاڕ

## 3

## (ابراهیم)

وەستای گەچکار

کۆترێکی سپی یاخی بوو

لە پەڵەی ڕەش و تۆزاوی جەستەی ئێمە

بەناو تونێڵی تاریکی وجودمانا

تێ ئەپەڕی و

ڕەنگی جوانی و میهرەبانی و پاکیزەیی

پێ ئەبەخشین

بێ حەوسەڵە

چاوەڕوانی شاگردێ بوو

بەیەکەوە

شار بۆیە کەن

کۆڵان کۆڵان و بست بستی

ئیستاتیکا

بە فلّچەکانی دەستیانا

بە هێزی بازویان تەیکەن

هەر چاوەڕێبو چاوەڕێ

جگەرگۆشەکەی ببینێ و

تێر تێر لە باوەشی بگرێ

ئەو ڕۆیشت و

کۆرپەلەیێ

سەردەردینێ

**جەستەی بابە**

**تازە ئەنجن ئەنجن بووەو**

**پیڕا ئەگا بە زیرەیێ**

**فاتیحاییێك**

**لە تازیمانەکەی بخوێنێ**

**4**

**(محەمەد)**

**ئای لە قەدەر**

**لە کۆستی گەورەو گرانی**

**لە خۆشەویستی موحەمەد**

**باوکی ناوی ئەوی ناوە**

**هەر لە ژێر سێبەری ئەو ناوەش**

**جەستەی شەکەت و ماندووی**

**لە ناو خوێنا سوور کراوە**

**سالار سیامەند عەبدوڵا**

**Salar_902@yahoo.com**

# بگرین بگرین



موحسین شوانی

بگرین بگرین ...هەرهەمووتان
بەکوڵ بگرین!!
بۆبەهەدەر ڕژانی خوێنی گەنجانی شارەکەم بگرین
بەڵام توخوا بێدەنگ بگرین
بێ بابە ڕۆو
بێ برا ڕۆ
بێ ڕەنگ وبێ پرسەی حیزب
نە بائەوان بەئاگابێن
لەخەوی پڕخامۆشی
باوەشی نیشتمانە
زامدارەکەی بن دەستی
چواردوژمنی دڵ پڕلەقین

# ڕۆژێکی پرلەستەم

*********

ئەمرۆ لێرە
دەستێکی ڕەش
چەند بەیتێکی (حەمەد بەگی)
لەحەیران وبەستەیەکدا دەخنکێنێ
تابلۆکانی شەهید سەردار
بەبەرچاوی دۆست ودوژمن
دەدرِێنێ!
تەلی کەمانچەکەی دلزار
لەیەریڤان دەقرتێنێ!
گۆڕەپانی فۆت بۆڵەکەی
عزیزقادردەرووخێنێ!
خەوی شادی
منالأنی شارۆچکەکەم
دەزرِێنێ!
دەرگاکانی باخچەی ساواو
قوتابخانە و
کتێبخانە دادەخات و
داراودادە و
زریزەکەی دەپسێنێ!
بووکەشووشەی سەدان زەینەب

دەخنکێنێ !

چ دەستێکە ؟

ستەم دەکات ؟

لەم دەڤەرە هێمنەدا

چ دڵێکە ڕق وقینی دەبارێنێ

گەنجانی شار

بەبێ تاوان تیرۆردەکات!؟

ئەمڕۆ لێرە چل رۆحی کورد

سەدبرین وسەدئازاروهەزارزامی

بێ سارێژکرد

دەرگای ماڵی چل کەسی گرت

دەیان رۆڵەی بێ باوك کرد

دەیان ژنی بێوەژن کرد

دەیان ماڵی

پڕگریان وپڕقیژەکرد!

دەشتی گەنم ..

دەڤەری جۆ

لەم سبەینە ئارامەدا

بەداسێکی نووك ژەهراوی

خەڵتانی خوێن ومەرگ کرد

کەللە سەرو

دەست ولاقی کوڕانی قەزای دروێنەکرد!!

**تیرۆریستێك**

**پرسەیەكی بۆناینەوە**

**لەسێزدەی پێنچ**

**لەیەكشەمەی شوومی ئەمڕۆ**

**گریانێكی لەناخەوەبۆبازارگەو**

**قەرەچووغ وقەراج چركرد**

**ئاخ ...چ پرسەیەك !!**

**من نازانم**

**لەكام پرسە فرمێسكەكانم ببارێنم ؟!**

**من نازانم**

**سەرەخۆشی لەكام براو...**

**كامە هاورێ و...**

**كامە دۆست وكام هەڤاڵ و**

**ناسیاو بكەم ؟!**

**ناوی كامیان**

**بۆناونیشانی شیعرێكماهەڵبژێرم**

**حەپەساوم !!!**

**لەگۆڕستان سەر لەگۆڕی**

**كام شەهیدی كارەساتی**

**دەستی ڕەش دەم ؟؟**

**ئەوە هەژار بەجلی شینی پۆلیسەوە**

**بانگم دەكات**

ئەی دراوسێ ...
دەستم بگرەو تاپێکەوە
ئەشکی چاوی
مناڵەکانی رزگاری برام بسڕین
دڵنیامە چاوەڕوانن
نوقڵی ئێوارەیان بۆبەرین
فرەیدونیش وەك فریشتە
جلی سپی بەبەرچاوی من پۆشیوە
چەند فیکەیەك بۆریزبەندی
ماشێنەکان لێدەدات و
ئەونازانێ ئەم لۆریە مەرگی پێیە !
نەبەفیکەو
نەبەتەقەو
نەهەڕەشە
ناسنامەکەی پیشان نادات
ئای فرەیدوون
نەتدەزانی ئەم فیکەیە دوافیکەیە ئیتر خۆت گرژ مەکە
لەسەرپێچی شوفێرەکان
ئیتر بانگی قەندۆوجومعەوزۆراب و
مولازم ئەیاد مەکە !
کەی کاتی پشووی تۆیە
دوا پشووی تۆ

لەبارەگای پەوەردگار
لەباوەشی چەند حۆریەك كۆتایی دێ
موحوممەدیش گەسكێكی بەدەستەو...
هێدی هێدی
عارەبانەكەی شارەوانی
پڕكردووە لەكاغەزولەپاشماوە
ئەونازانێ تاقانەكەی مام سمایل
ئەمڕۆدوا شەقامی شارەكەی
پاك دەكاتەوە !
ئیتر گەسك وشۆستەوعەرەبانە
بەجێ دێلێ
ئەونازانێ خۆی دەبێتە چەند پارچەیێ
لەشەقامە شارە بێ نازەكەی خۆیدا
لەت لەت دەبێ !!
ئەونازانێ مام سمایل بەبێ رۆڵە
بۆبەیانی پرسەێكی بۆ دەگێڕێ
لەودیودیوار
ابراهیمی كرێكار
مارنجێكی توند گرتووە
بەدەم گۆرانی وخەندەوە
چاوەڕوانی تەواوبوونی نیوەڕۆیە
تا پشوویەك لەخانووە

کرێ یەکەی بدات

دوو چای ڕەش وجگەرەیەك

پێکەنینی چەند نووکتەیەك

زۆرپەلەی بوو !

چونکە وادەی لەدایك بوونی

کۆرپەیەك نزیك بۆتەوەو

پێش ئەوەی لەدایك بێ ناوی نابوو

( موحەممەد )

ئای نەیزانی لەجیاتی گەچ

مارنجەکەی سواغی خوێن و

گۆشتی لاشەی خۆی پێ دەکات

موحەممەدی چاوەڕوانیش

بەبێ باوك هەتیو دەکات

هاوڕێ ی گەڕەك

بۆجێت هێشتین؟

ئەی هۆگریبست بەبستی

شۆستەوکۆلآن

خۆشەویستی گەورەوبچووك

دەم بەنوکتەی پڕپێکەنین

بۆجێتهێشتین ؟

خۆتۆووت

بۆچەند رۆژێ

سپیکاری ...

کرێکاری..

بەجیٚ دێڵم

ئەمجارەیان

فۆتبۆلێك وگۆڕەپان و

یاریگایك دروست دەکەین!

بەیەکەوە

لەگەڵ گەنجانی نێوگەڕەك

یاری دەکەین

تێرتێرقاقا

وپێدکەنین

بەلاٚم ئێستاپیکەنینمان

بووبەگرین

هاوڕیٚ ی گەڕەك .

لەم لاشەوە

عەلی وعەمماروسالار

بەکوردی وعەرەبیەکی شڕەوە

بەدەم گاڵتەوە

بەمەرگ دەڵێن مەرحەبا


باسی کیٚ کەم ؟

توانا و ئەحمەد

کام سەردوولکەی دایکی شەهید
بەگوێچکەتان بگەیەنم؟
کاکەعوسمان
چەند مەراقی تەقەو چەك بووی
تۆمیوانی بەردەوامی
پاسەوانی بەردەرگای
بارەگاکان بووی
حەزت دەکرد
بیکەیسیەك بکەیتە شان
نەتدەزانی چەك بڤەیە!
چەك دوژمنە
نەتدەزانی هەرئەوچەکە
چارەنووسی مەرگی تۆیە
کاکە عوسمان
ئیتردەرگای بارەگاکان
چاوەروانی گەمەوفشەیتۆناکاتن
تۆ ئێستاکە لەبارەگای مەزنێکدای
هۆش وبیرو رێزو
جوانیت پێ دەبەخشێ
کاکە سالار هەرچاوەڕێ ی
سەری مانگ بووی

تامووچەی شەش مانگ وەرگری
بیدەی بەلانکەو دەسترازە
بەڵاّم داخەکەم !!
نەمووچەونەلانکەونەدەسترازەو
نەکۆرپەو
نەگوێ بیستی گغەگغوو
ووشەی بابە بووی
من دڵنیام
مەرگی ئێوە
وانەیێکمان جوان فێردەکەن
تاهەتایە ئەزبەری کەین
وانەی رێزوبرایەتی
دەست ودەم وپێنوس وچەك
هەرئاراستەی دوژمن بکەین
جیاوازیمان وەلابنێین
تەبا وبراتا سەربژین .

2007/5/17مەخموور
shwany@walla.com



# هەنسکێك بۆ مەخموور

سەرهەنگ خامۆش

ئەمجارەیان
کەقەرەچووغم بینی
تارای سەوزی بەهاری لادابوو
خەریکی لاوانەوەی
حەیرانێکی نامۆ بوو
بۆ دەشتەکاکی بەکاکیەکەی من
لەگەرووی وشکی بازاڕگە
گەردەلوولی مەرگم بینی
مەخووریش بەباوەشی خەزان
پرچی خەمی شانە دەکرد
دەستە ڕەش وچڵکنەکەی
هەوگی حەمەدم بینی
پشتیچنە سوورەکەی شازادو
شاڵاوی خوێنی شەهید بینی
شیعرم بینی چۆن دەگریا
فرمێسکە سورەکانی
لەرووی گەشی بێلافەوە
دەهاتنە خوار...
جەستەی شەهید

## پرێسکەیەك لەگۆشت وئیسقان وخوێن بوو!!

قەلاٚبەرگی ڕەشی پۆشیبوو
ساباتەکانی قەسرانیش
گەلاٚکانی هەلچوەریبوون
شەپۆلە هێمنەکانی دەرمانوەش
دەستنوێژی نوێژی مردویان
بۆکوچەو کۆلاٚنەکانی شار هەلدەگرت
ئەم جارەیان کە هاتمەوە مەخموور
لەئەرشیفی یادەکانم
ژیلە مۆی چرۆی منداڵیم و
تەنافی گەرمی گەنجیم و
سیللەی ڕەحمی پیریم
هەموو بەیەکەوە دەگریان ....
چارۆگە ڕەشەکەی داپیرەم بینی
لەگۆچانەکەی باپیرەم ئالاٚبوو
سەردولکەی مەرگیان دەهۆنیەوە..
مەخموورئەی بوکی بەهار
ئەمجارەیان هاتووم
لەرۆژی مەراسیمی مەرگ
ئەلقەی خەمت لەپەنجەکەم
ملوانکەی خەزانی ئایاریش
لەگەردنت بئالێنم ...!

**Xamosh_s@hotmail.com**



# ئەم دیاری یە بەرنەوە

یوسف مەخمووری

هەر دووێنێ بوو زەینەفوون و ئاناباسس

بەبێ مۆڵەت

لە ولاتی من تێپەڕین

لەکوڕانی گات وانەیەکی مەزن فێربوون

بۆیەکەم جاربەسەرسامی

لە نەبەردی گەلەکەی منیان رووانی

مەکەدۆنی و هۆلاکۆ ومەغۆل و تەتەر

بە ئەدەبێکی زۆرەوە بۆ سەروەریت

کڕنۆشیان برد

ئەی ستانم

ئەی لاندی من

بێشکەو لانەی بوونەوەران

هەزاران ساڵ شکۆمەندی

رەگ داکوتان ودادوەری

بەبای جەهالەت وهێزی شەمشەمەکوێرەکان

قەت نالەرزی

ئەم کراسەی بۆ بالای منتان دووریوە

گەلێ کورتە

مەزنیی من داناپۆشێ

بیبەنەوە بۆ سەرۆك و پاشاکانتان

دڵنیابن دەست رەنگینی لەوێ دیارە
چونکە لەبەر پێی ولاتم
بچووك دیارن بچووك دیارن

شەوی شارم ئامێزی بێ ترووسکەیە
ووشەی هەلهاتن و داگیرسانی لێ نابیسترێ
چەند خامۆشە چەند بێ دەنگە
دلەکانی لە خەو کەوتوون
بێخورپەنە بەبێ ریتم ئاواز دەچرن
چەندسادەنە چەند بێ سامان و کاسەنە
چاوەرێن کۆکی مەرگ واخەریکە تەواو دەبێ
زۆر وریابن لە بەستنەوەی پچراوەکان
لاشەلەکەلك کەوتووەکان بسووتێنن
تاکەی شارم بەتاریکی بەجێدێلن
بارگە بەشەو بپێچنەوە
دەرگای بەروومەکەنەوە
گەر پەنجەرەیەکمان بۆژووریّ بویّ
ئەمجارەیان خانوو لەشووشە دارێژن
نەبا چیتر لەنێوو شاروو دەورو بەری
تاریکایی جێی بێتەوە
بلێسەتان هێندبڵند بێ
هەموو دونیا لەچواردەوریا
کۆبێتەوە

yusifmerzani@yahoo.com



زۆراب مەخمووری

# (مەرگ)
# بۆشەهيد فرەيدون عمر

چيبكەم برام
گەلێك گەڕام
لەسۆراغى تەرمى وونبووت
لەنێو ئيسك وكەللەى سەرو
پێستى برژاو
لەگشت شوێنىٚ لەسەر زەوى
وسەربانەكان
لەقەد دارودیوارەكان
پارچە پارچەى تەرمى كەوتوو
لەسەر خاكى ڕەشى سوتاو
تێكەڵ ببو بۆنى خوێن و
ئاگرى گەشى سەرتەرمەكان
وێنەيەكى ترسناك و
نامۆيى لىٚ بەدى دەكرا!!
ئاى ..! ئەمە چ زوڵمێكە؟
چ ڕقێكە ؟

ئەوەندە ئەستوور لەخەڵکی بێ پەڕوباڵی

بێتاوان و

ژیان سەختی کەم دەرامەت ،

دەرهەق دەکرێ ؟!

هەر بەدبەخت وڕەش وڕووتە

بۆمووچەیەکی کەم بژێ و

بەرۆژوشەو لەبەردەرگاو

سەرشەقام ونێوبازگەکان

بەرنیشانن

دڵی دایك وکەس کاری ئەم خەڵکە


بۆدەسووتێنن؟؟

لەتۆڵەی چی

لەهەقی چی ؟

چاوی منداڵە بێ نازەکان دەگرێنن ؟!

# مەخموورەو شیوەن وگریانی لێم دەوێ



مەلای قەراجی

چەند گوڵ وخونچە وەرینەو

کەوتوونە لێرەو لەوێ ..

دوو سەد پەپوولە لەسووتان

بەگڕی قینی تونرەوێ

دووسەد گیانی نێو بەهەشت

کەوتوونە شیرین خەوێ

دووسەد بولبول دەناڵن

دووسەد پۆڕو چەند کەوێ

شەڕ خوازی تیرۆریستان

چیت لە گەنجانم دەوێ ؟

شارەکەم خەڵتانی خوێن

دادو فیغانی دەوێ

لاشە بێ سەر، سەر بێ لاشە

کەوتوونە لێرەو لەوێ !!

دەست بێ پێیە ،پێ بێ دەست

وای لەم تاریکە شەوێ

کۆرپەی بێ نازی باوکەو

هەرچەند دەکەم ناسرەوێ !

ناڵە ناڵ وگریانی

خوێنی بابەی لێم دەوێ

یاخوا تیرۆریستەکان

وەك ئێوە كۆسیان کەوێ

کاك خالیدی پرسگە

پرسەی شەهیدی دەوێ

محمد وعەلی وعوسمان

کەوتوونە لەسەر دەوێ

تواناو سالارو هەژار

پۆلەکەی ئێشکی شەوێ

احمد وسالم برایم

بەجێ ماون لەڕەوێ

کاك فرەیدوونی مرور

داوای پارچەی خۆی دەوێ

نەوەی کاوەوبابانە

نەوەکەی کەی خەسرەوێ

سەرکردەی کوردی دونیا

دەست وبردو پێشڕەوێ

مالێ کورد تێکەڵ بکەن

هەتا کەی پرخەی خەوێ

کوردبچێتە ڕێزگەلان

تاویَ بۆخۆی بسرەویَ

هەتاکەی ئەنفال بکریێن

کورد کوشتن بەکۆمەڵیَ

لەسەر خاك ولەسەرماف

هەتاکەی تیرۆربکریَ

*****

گەرچی گرمەی تەڤینەوەی

تیرۆر دامرکیَ وکپبیێتەوە

هەربڵێسەی گڕی کورد

هەلچئەقولیَ

وئەژێتەوە

ئەشکی چاوی دایکی دڵسۆز

جەرگ ودڵ قرچایەوە

پانە وپان جیهانی داگرت

تامەحشەر ناکوژێتەوە

خوێنی ئاڵی

لاوی هۆشمەند

نەخشەی دایە دەشت وکیچو

دجلەوفورات

بەیەك فڕ تۆفانی نوح نایشواتەوە

تۆزو گەردی

ڕەنگی زەردی

کۆرپەساوای پاش باب

نزگرەی نازی گرانی

دەستی ڕەش نایسڕێتەوە

ئاهی گەرمی توندی سەختی


نەوبووکی ڕوو باوەخوند


گۆشت وئێسقان

بگرێ ئەسووتێ

بەردی ڕەق ئەتوێتەوە


ئەمانــە وێنــەی پۆلێــك شــەهیدی كــردەوە تیرۆریســتیەكەی قــەزای مەخموورن , داوای لێبوردنیش لە خانەوادەی ئەو شەهیدانە دەكەین كـە وێنەكانمان دەست نەكەوت :































2006 11 28













